سەری دایکم خوارد ئەو دایکە نازدارەم بەسەر منەوە رۆیشت. من هەرچەندە ناویان لێنابووم کەژاڵ بەڵام زۆر کەرەت گوێیەکانم کاس دەبوون کاتێ بەسەرەخۆرە بانگیان دەکردم. جوامێری باوکم چونکە حەسیبەی دایکمی زۆر خۆش ویستبوو بۆیە کاتێ بەسەر منەوە رۆیشت ئەو باوکەم رقی لە تەپلی سەری من دەبووەوە. قەت رۆژێك لە رۆژان روویەکی خۆشی پێنەدەدام قسەی خۆشی جنێوو ئیهانە بوو بۆمن و هەموو جار هەر بە سەرەخۆرە بانگی دەکردم من ئەوکات تەمەنم شەش ساڵان بوو هەستم بە هەموو شتێك دەکرد. دەمدیت کە باوکم چۆن گرنگی بە سەرکەوتی برام دەدات و رۆژێ سێ جاران پارەی دەدایەو دەیگووت کورە جوانەکەم برۆ بۆ خۆت سەرفی بکە کەچی هەفتەی ئەگەر جارێك خوا روحمی بخستیایەتە دڵییەوە، دەستی بە گیرفانیدا کردبایەو شتێکی بدابایە منیش.. باوکم بڕوای بە قەدەری خوا نەبوو. ئەو لە هەموو مەجلیس و کۆڕو میواندارییەکدا کە باس دەهاتە سەر مەرگی دایکم ئەو باوکەم قسەیەکی سووکی دەسرەواندە من و دەیگووت خۆزگا سەد خۆزگا ئەمیش لە دوای دایکی نەمابایە ئیتر من واملێهاتبوو کە باوکم لە هەر مەجلیسێك بایە من نەمدەوێرا بچمە ئەو مەجلیسە گەر هەزار میوان بهاتایە من بەو تەمەنە بچووکەی خۆمەوە نەمدەوێرا بچمە لایان نەبادا باوکم قسەی سووکم پێ بڵێت و لە ناو خەڵکدا تەریق و روو شکێنم بکاتەوە.

## باوەژن یان دڕندەیەکی ستەمکار!!

کەژاڵ دەڵێت: جوامێری باوکم لەبەر خۆشەویستی دایکم گوایە وەفادارە بۆی حەوت ساڵ ژنی نەهێنایەوەو هەر بێ ژن بوو. بەڵام عەزیزی مامم لێی نەگەڕاو هەر دەچووە بن دەستییەوەو پێی دەگوت، جوامێر براکەم تۆ هەتا کەی دەتەوێ بە بێوە پیاوی و بە تەنهایی بمێنییەوە. مردن برا گەورەی هەموومانە. راستە تۆ ژنەکەت زۆر خۆش دەویست بەڵام ئەو کە مردو دونیای بە جێهێشت تۆ مافی خۆتە ژنێکی تر بهێنییەوە. ئەمە سوونەتی ژیانەو چیتر با تەنهایی نەتکوژێ فەرموو تۆ ئەوە حەوت ساڵە هەروا دانیشتووی و بیرێکت لە خۆت نەکردۆتەوە بە خودا سەد ساڵی تریش دابنیشی تازە ژنەکەت نایەتەوە.. بەڵام جوامێری باوکم دەیگووت عەزیز گیان هەرچەندە سەردێنم و دەبەم کەسێکم دەست ناکەوێت جێگەی حەسیبەم بۆ بگرێتەوە. چاوم قەت بەرایی نادات ژنێکی تر بهێنم بەڵام عەزیزی مامم گوتی تۆ هیچ غەمت نەبێ من بە دڵی خۆت ژنێکت بۆ دەبینمەوە کە تا هەتایە مەمنونم بیت و لە حەسیبەش باشتر بێت بۆت. کە عەزیز ئەم قسەیەی کرد دیقەتمدا باوکم دڵی نەرم بوو گوتی جا عەزیز خۆت برای گەورەی منی چۆنت پێ خۆشە وابکە..

ئیتر دوای ئەوەی باوکم تەسلیمی قسەکانی عەزیز بوو. من بەو تەمەنە بچووکییەی خۆمەوە ترسم لێنیشت چونکە زۆرجاران پلکە بەدریەی دراوسێمان دەیگووت کەژاڵ کچم خوا بکا باوکت ژنی تر نەهێنێ ئەگینا باوەژن بێ روحم و خوا نەناسەو چی خراپە لە دەستی دێت. لێت دەدا و بە قژەکەت راتدەکێشێت. منیش دەمکووت ئەی پلە بەدریە. ئەو نابێتە دایکم دەیگووت کچم تۆ هێشتا منداڵی باوەژنی زاڵمت نەدیتووە خوا بکەم ئەو ژنەی باوکت دەیهێنێ کەمێك بەزەیی لە دڵیدا بێت بەڵام قەت بڕوا ناکەم باوەژن جێگەی دایك بگرێتەوە.

ئا لەبەر ئەم قسانە هەر لە خۆمەوە رکم لە باوەژن دەبووەوە کە باوکم باسی ژنهێنانی دەکرد من لای خۆمەوە دەستم بە گریان دەکردو دڵم تەنگ دەبوو. رۆژان هاتن و رۆیشتن. رۆژێکیان عەزیزی مامم هاتە ماڵمان چپاندییە گوێی باوکم و پێی گوت ژنێکی کەڵەگەت و رەنگ ئەسمەری جوانم بۆت دۆزیوەتەوە. باوکیشم بە زەردەخەنەیەکەوە گووتی ماڵت ئاوا بێت براکەم. ئەی لە ئەسڵ و فەسڵی ئەم ژنەت نەپرسیوە تاکو بزانی گەورە کچە بێوەژنە چییە. عەزیزی مامم گووتی، وەڵڵاهی ئەوەی راستی بێت گەورە کچە بەڵام پار ساڵ پیاوێك ماری بڕیووە دوای سێ مانگ نازانم بە چ هۆیەکەوە بووە پێش ئەوەی بگوازێتەوە تەڵاقی داوە.. بەڵام جوامێر هەی چاوی ئەو پیاوە کوێر بێت وا تەڵاقی داوە. کچ چی هەر دەڵێی مانگی چواردەیەو لە ئاسمانەوە دابەزیوە.. کە عەزیزی مامم ئەو قسانەی کرد. باوکم ئیتر ویژدانی بەلاوە ناو بە تەواوی حەسیبەی دایکمی لە بیرکردو گوتی کەوا بێ عەزیز ناوی خوای لێ دێنین و دەچینە پێشەوە ئەوەبوو دوای دوو هەفتە باوکم چووە داخوازی ئەو کچە کە ناوی "نیگار" بوو, ئیتر مەسەلەکە سەری گرت و هەمووی مانگێکی پێ نەچوو باوکم جوانی ئەو کچە ویژدانی پێ فرۆشت و هەر خوا خوای بوو بەو کچە بگات ئەوەبوو زەماوەندیان کردو ژنی



تازە هاتە نێو ماڵەوە، بەڵام ژن چی لوت بەرزو لە خۆبایی حیسابی سەگی بۆ من و سەرکەوتی برام دەکرد چەند مانگێك تێپەڕی بە سەرهاتنی ئەو ژنە بۆ ئەو ماڵە.. رۆژێکیان ئەو نیگارە خوا نەناسە بە باوکمی گوتبوو. من بە تەنها ئیشی ئەم ماڵەم پێ ناکرێ و پێویستە ئەو کچەت لە مەکتەب دەربکەی تاکو لە ماڵەوە بەردەستیم بکات کچ خوێندنی بۆ چییە.. ئەوەبوو باوکیشم کە تا سەر ئێسقان ئیتاعەی خانمی ژنی دەکرد بە زوڵم منی لە مەکتەب دەرهێناو بێ بەشی کردم لە خوێندن.. ئیتر من کەوتمە بەردەستی باوەژنی خوا نەناس و سەرکەوتی براشم تاقێك دەیخوێند و تاقەکەی تریش لە سناعە شاگردی فیتەربوو.

بەڵام منێکی داماو خوا رۆژی دەکردەوە دەبوایە لەبەردەم ئەو باوەژنەدا رابکەم و کار بکەم و بەردەستی بکەم بە سەرماو بە گەرما کاری پێدەکردم و روحمی خوا لە دڵیدا نەبوو. کار گەیشتە ئەوەی خۆی هیچ ئیشێکی ناو ماڵی نەدەکردو هەموو بە من دەکرد. هاوینان لە قرچەی گەرمای نیوەڕۆدا بۆ خۆی. لاقی دەخستە سەر لاق و تەماشای تەلەڤزیۆنی دەکرد منیش دەبوایە لەبەر گەرما قاپ و قاچاغ بشۆم جلك و بەرگی ئەو خێزانە بشۆم. سەرباری ئەو هەموو ماندووبوونەش هێشتا لێم رازی نەبوو. زۆر کەرەت کە باوکم لە ماڵ نەبوایە لێیدەدام و قژمی رادەکێشا. ئیتر ژیانم یەکپارچە دۆزەخ بوو بەدەست نیگارەوە. بەڵام هەر ناچاربووم لە قسەی دەرنەچم و تەحەمولی ئەو هەموو نەهامەتیانە بکەم. ساڵان هاتن و رۆیشتن من تەمەنم گەیشتە شازدە ساڵان و سەرکەوتی براشم تەمەنی بووە نزیکەی بیست ساڵان، سەرکەوت گەنجێکی قۆز و بە هەیکەلی لێ

**گەر ماوەی زیندانیکردنیشم تەواو بێ نامەوێ بەندیخانە جێبهێڵم چونکە دەزانم سەرکەوتی برام دەمکوژێ**

دەرچوو قیافەیەکی باشی هەبوو. زۆرجاران لەسەر من لە نیگاری باوەژنمی دەدا. سەرکەوت کە خۆی ناسییەوە ئیتر هیچ حیسابی نە بۆ باوکم و نە بۆ نیگاری زڕ دایکمان نە دەکرد..

**ژنهێنانی سەرکەوت..**

کـــەژاڵ دەڵێت.. رۆژێکیـــان من و نیـــگاری زڕ دایکم بوو بە شـــەڕمان ئەو خوا نەناسە هێرشی کردە سەرم و زۆری لێدام دارێکی دابەرسەرمدا و خوێن بە جەستەو باڵامدا هاتەخوارەوە. ئا لەوساتەدا سەرکەوتی برام کردی بە حەوشەدا کە ئەو دیمەنەی منی بینی هەر بە جارێك گڕی گرت و هەڵیکوتایە ســـەر نیگارو تێروپڕی لێدا.. کە ئێوارە جوامێری باوکم هاتەوە. کێشەکە گەورە بووەوە. سەرکەوت گووتی باوکە هیچ پێت ناخۆش نەبێت کە ئێســـتاکە ئەم قســـانەت پێ دەڵێم.. تۆ چۆن جوابی خودا دەدەیتەوە کەوا ملت شـــۆڕکردووە بـــۆ ژنەکەت و ئەویش چۆنی بوێـــت زوڵم لە کەژاڵ دەکات ئەگەر تۆ ویژدانی خۆت فرۆشتووەو روحم لە دڵتدا نەماوە بەڵام من ئێستا گەورەم ئەوەم پێ قەبووڵ ناکرێت.. هیچ غەمت نەبێ من بەمزووانە



ژن دەهێنـــم و ماڵی خۆم جیا دەکەمەوە. ئیتر کەژاڵیش با بێت لای برای خۆی بژێت و چیتر زوڵمی باوەژن نەچێژێ.. بەڕاستی منیش زۆر دڵم خۆش بوو بەو قسانەی سەرکەوتی برام و. وام هەست دەکرد ئیتر رزگارم دەبێت لە دەســـتی ئەو ستەمکارە و ژیانێکی خۆش و بەختەوەر لە پێشوازیمدایە.

رۆژان هاتن و رۆیشتن ســـەرکەوتی برام لەگەڵ عەزیزی مامدا چوونە داخوازی کچێك ئەوانیش رازی بوون. ســـەرکەوتی برام دوو کـــۆڵان ئەولاتـــر خانوویەکی بە کرێ گـــرت و ماڵی خۆی بە جیا پێکەوەناو زەماوەندی کرد. ئیتر لەســـەر بەڵێنەکەی خۆی منی بردە لای خۆیان و. دەستم بە ژیانێکی تازەکرد لەگەڵ براو براژندا.

**بۆچی براژنەکەم راپێچی مەرگ کرد**

کەژاڵ بەردەوام دەبێت لە گێڕانەوەکەی و دەڵێت: هێشـــتا مانگێك گوزەری نەکردبوو بەسەر زەواجی ئالای براژنم و سەرکەوتی برامدا.. کـــە نێوانی مـــن و ئالا زۆر باش بوو.. ئەو هەســـتی بە مەینەتی و ئازارەکانـــی من دەکرد و زۆرجار جلوبەرگـــی بۆ دەکڕیم.. بەڵام رۆژێکیـــان کە ســـەرکەوتی برام لە ماڵدا نەبـــوو یەکێك لە زەنگی جەرەســـی دەرگایدا منیش کە چووم دەرگاکەم کردەوە. خۆزگا چاوم کوێـــر ببایەو جارێکی تـــر نەمدیبایەوە. تەماشـــام کرد وا نیگاری زڕ دایکمـــەو هاتووە بۆ ماڵی ســـەرکەوتی برام. منیش گووتم خێرە وا هاتـــووی بۆ ئێرە لێرەش وازمـــان لێناهێنی ئەویش گووتی هەی چەتیوەی رشـــکنە خۆ من نەهاتووم بـــۆ لای تۆ من تەنها هاتووم بۆ لای ئالا گیان ئەوەتا دیارییەکی جوانیشـــم بۆی هێناوە ئەوەبوو نیگاری بەدفەڕ هاتە ژوورەوەو بەشێوەیەکی درۆزنانە باوەشی کرد بە ئالاداو ئەم لاو ئـــەولای ماچ کرد ئالاش بەخێرهاتنی کرد منیش زۆر لەوە ترسام کە ئەو ژنە شەیتانە ئاژاوە بخاتە نێوان من و ئالاوە ئەوەبوو زۆر مەدح و سەنای خۆی کرد. ئەگەر یەکێك نەیناسیبایە دەیگووت ئەمە فریشتەیە.. ئیتر ئەو رۆژە نیگار رۆیشت و منیش دڵم لەسەر سەد لێیدەدا دڵەخورپەم پەیداکردبوو زۆر دەترسام لەوەی نێوان من و ئالا تێك بدات. ئەوەبوو هەمووی دوو هەفتەی پێنەچوو رۆژێکیـــان من چووم بۆ بازاڕ.. لـــەم لاوە نیگاری باوەژنم خۆی گەیاندبـــووە ئالاو بـــە هەندێ بوختان و درۆ ئـــەو براژنەمی لێم هاندابـــوو. بۆیە کـــە هاتمەوە لە بازاڕ یەکســـەرە ئالای براژنم بە رووومـــدا تەقییەوە گووتم چییەو چی قەومـــاوە.. گووتی بۆچی خۆت لە گێلی دەدەی.. باشە من چ خراپەیەکم بەرامبەرت هەبووە چ براژنێك ئاوا بۆ دشەکەی دەکات کە من کردوومە بۆ تۆ.

کـــەژاڵ دەڵێت. منیش گووتـــم وەڵڵاهی ئاگاو خەبەرم لە هیچ نییـــە چی قەوماوە پێم بڵێ. بۆچی لای خەڵکی کۆڵان باســـی خراپەی منت کـــردووەو.. گوایە من لەگەڵ براکەتدا نەســـازم و ناگونجێم.. منیش گوتم بە هەزار قورئان من لای کەس باسی تۆم نەکردووە. کێ ئەم درۆیانەی پێ گوتوی.. ئالا گوتی نیگاری زڕ دایکت هەموو شـــتێکی پێ گوتوم کەژاڵ دەڵێت: ئالا پێی گووتم بیستوومە کە تۆ پەیوەندی خۆشەویستیشت هەیە. لەگەڵ یوسفی دراوسێمان و هەموو سڕیات و نهێنی ئەم ماڵە لای ئەو کورە هەتیوە باس دەکەی.. ئەوە بوو منیش دەســـتم کرد بە گریان ئالا گوتی با ســـەرکەوت بێتەوە خۆم چارت دەکەم. ئەوەبوو سەرکەوت کە ئێوارە لە کار هاتەوە ئالا حاڵ و مەســـەلەی بۆی گێڕایەوە ئەویش زۆر زاڵمانە بەربـــووە گیانم و لێدانێکی وا لێیدام لە ژیانمدا لێدانی وام بەخۆمەوە نەبینیبوو. ئا بەم شـــێوەیە بەینی من و ئالا تێکچوو.. نیگاری باوەژنمیش بەردەوام ســـەردانی ئالای دەکردو لەبن سەری دەیخوێند. ئالاش ناوە ناوە دەچووە ماڵی ئەوان.. ئیتر ئالا ئالاکەی جـــاران نەما. بووە دوژمنێکی سەرســـەختی من بەردەوام ئیهانەی دەکردم و جنێوی ســـووکی پێدەدام منیش گەر وەڵامی جنێوەکانیم بدابایەوە بە دەستی ســـەرکەوتی برام بە لێدانی دەدام کار گەیشتە ئەوەی ئیتر جام پڕ بێت و بڕژێ بەڵام من هەردانم بە خۆمدا گرت. تا ئەو رۆژەی گەورەترین شەڕ لە نێوان من و ئالا هاتە ئاراوە. ئەو گوتـــی یا من دەبم یان تۆ گەر ســـەرکەوت لەم ماڵەی من دەرت نەکات ئەوا من ئەم ماڵە جێدەهێڵم. منیش بەڕاستی ئیتر بەرچاوم تاریك بوو بۆیە لە داخان هەروا دەســـتم دایە ئەو جلیکانە بەنزینەی کە بۆ موەلیدەی ماڵەوە دانرابوو کردم بە سەر ئالای براژنمدا. ئیتر ئەو وایزانی ئاوە منیش بە پەلە چوومە چێشتخانەکەوە و چەرخێکم هێنـــا ئالا گوتی ئەوە چی دەکەی شـــێت بووی گوتم ئا شـــێت بووم. مێشـــکم تەقی. تەحەموولم نەما. ئا لەوساتەدا بە چەرخەکە گڕی ئاگرم بەردا لە گیانی کە وەکو مریشـــکی سەربڕاو بە چوار دەوری خۆیدا هەڵدەبەزی. ئەوەبوو لەوساتەدا دەرودراوسێ سەرجەم لێمان کۆبوونەوە. ئالا هێشـــتا نەمردبوو گووتی کەژاڵ وایلێکردم. مەهێڵن رزگاری بێت ئەوەبوو پۆلیس هاتن و منیان دەســـگیرکرد. ئەوە ماوەی مانگێکە دەستبەســـەرم و هێشـــتا مەحکەمە نەکراوم. دەڵێن ســـەرکەوتی برام وەکو شێتی لێهاتووە و دەڵێت گەر کەژاڵ لە زینـــدان دەربچێت پارچە پارچەی دەکەم بۆیە من نامەوێ قەت لە زینـــدان ئازاد بکرێم تا ئەو رۆژەی بۆ دواجار ماڵئاوایی لەم ژیانە تاڵە دەکەم کە هەرگیز خۆشـــیم لێی نەبینی و هەمیشـــە مایەی چەرمەســـەری بوو بۆ من هەموو تەمەنمـــی هاڕی و کردی بە قەرەبرووت.

●●●

**کە سەرکەوتی برام ژنی هێنا گوتم ئۆخەی لە دەستی زڕدایک رزگارم بوو دەچم لەگەڵ ئەو دەژییەم نەمزانی بەدبەختییەکی گەورەتر چاوەڕێم دەکات**

●●●



**ئەو کچەی بە هاوڕێ و دڵسۆزی خۆم دادەنابە خراپ لای فەرمانبەر و بەرپرسەکەم باسی دەکردم**

# کاتێک ئافرەت کار بۆ سڕینەوە و ناشیرینک

ئا: ئاڤان عەلی

زۆر جار کەسێك بۆ مانەوەی لەسەر کارەکەی یان وەرگرتنی سولّتەیەك ناوی کەسێکی تر ناشرین دەکات جا بۆ وەرگرتنی سولّتە بێت یاخود مانەوەی لە شوێنێك، ئافرەتێك پێیوایەئەمانە نەخۆشی دەروونییان هەیە و "لەوە ناترسن ئەم کارە ڕۆژێك بەسەر خۆیان دادێت"

(سۆزان حەمید)ی فەرمانبەر پێیوایە ئەو کەسانەی ئەو کارە دەکەن "کەسانی نەفس نزمن"، چونکە وەك خۆی دەڵێت "ئەگەر ئەمرۆ ئەو قسەیەی کرد بەیانی کاری هەڵەتر دەکات ئەمەش کاریگەری لە ناوی ئەو ئافرەتە دەکات". سۆزان ئاماژە بەوە دەدات کە دەسەڵات و شوێن بۆ کەس تا سەر نییە، بۆیە" خراپ ناوهێنانی هاوڕێکەی و ناشرین کردنی لەبەر چاوی خەڵك هیچ سوودێکی نییە".


(رازان عەبدوڵلا) ژنی ماڵەوەیەو ئەم دیاردەیە بە ناشرین لە قەڵەم دەدات ودەڵێت "ئەگەر ئەمڕۆ قسەی بەدوای هاوڕێکەی کرد بۆ وەرگرتنی شوێنێکی باشتر دوارۆژ یەکێکیش دەبێت ناوی ئەو ناشرین بکات". ئەو ژنە ئەوەش دەخاتە روو کە نەك لە ناو فەرمانگەکان، بەڵکو زۆر جار ئەو دیاردانە لەناو گەڕەکەکانیش روو دەدات هەندێ ئافرەت بێ ئیشن لەبەر دەرگا ناوی ئافرەتەکەی دراوسێی بە خراپ دەهێنێت بۆ ئەوەی خۆی زیاتر پێش بخات کە گوایە خۆی ژنێکی زۆر باشە.

(دیاکۆ عەزیز) قوتابی زانکۆ ئاماژە بەوە دەدات کە ئەم کارە لە نێو زانکۆ زۆر باوە و دەڵێت "نەك هەر لای کچ، بەڵکو کوڕانیشی گرتۆتەوە"، ئەو هۆکارەکەی بۆ خۆپەرستی خەڵك دەگەڕێنێتەوە و باس لەوە دەکات کە بەها کۆمەڵایەتییەکان لاواز بوونە، بۆیە "خەڵك بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی هەموو ڕێگایەك بەکاردێنێ، بەراستیش ئەمە زۆر ترسناکە، چونکە متمانە ناهێڵێ"

(نەرمین ئیسماعیل)ی فەرمانبەر پێیوایە ئەوە وەك دابو نەریتێکە لە هەندێ وڵاتانی تریش روو دەدات، چونکە ئەگەر ئافرەتێك باش بێت یان خەراپ ئەوە شتێکی روون و ئاشکرایە بۆیە پێویستە بڕوا بەو ئافرەتانە نەکرێت، بڕوای پێ بکرێت، ئەو دەڵێت "لەو حاڵەتەش پێویستە رووبەڕوو بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو ئافرەتە بێ تاوانە ناوی بە هەڵە لای هاوڕێکانی نەڕوات".

(شەرمین حوسێن) کچێکە ئەوە نایشارێتەوە کە کێشەیەکی لەم جۆرەی بەسەر داهاتووە، روونیشی کردەوە کە هاوڕێکەی بۆ ئەوەی شوێنی خۆی زیاتر بکاتەوە لەو دەزگایە هەمیشە لە هەوڵی ئەوە بوو باسی ئەو بکات، بۆیە ناوبراو دەڵێت "رۆژێك بەسەردا چووم کە ئەو هاورێیەی زۆرم خۆشدەویست بەیەکەوە کارمان دەکرد باسی منی دەکرد تەنانەت لای بەرپرسەکەشم باسی دەکردم بۆ ئەوەی شوێنی خۆی بکاتەوە"، بۆیە ئاماژە بەوە دەدات کە ناچار بووە لە شوێنەکەی خۆی نەمێنێت بۆ ئەوەی کێشەی زیاتری بۆ دروست نەبێت و "ئەو شوێنەی کە

**ئامانجی ئەو شکاندن و ناشیرینکردنە لەوانەیە لە پێناو بەرژەوەندییەکی ماددی یان مەعنەوی بێ وەک گرتنی پۆستەکەی یان جوانکردنی کەسایەتی خۆی لە نێو خەڵکدا**



# ...ــردنی هاوڕەگەزی خۆی دەکات

من تێیدا دڵ خۆش بووم لێی تێك دام".

(ئەژین رزگار) بە نیگەرانییەوە دەڵێت "نازانم ئەو کەسانەی کە باسی یەکتر دەکەن بۆ مانەوەی خۆیان یان وەرگرتنی مەنسەب بیر لەوە ناکەنەوە کە رۆژێك کەسێك دەبێت قسە بە دوای ئەودا بکات"، ئەو هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو دابونەریتە سەقەتەی کە لە ناو کۆمەڵگەکەماندا هەیە، پێیوایە ئاستی رۆشەنبیریش رۆڵ دەبینێ، چونکە ئەگەر کەسێك بیەوێت بگات بە شوێنێکی بەرز لەسەر ئازایەتی و کارکردنی دەوەستێت، بۆیە دەڵێت "ئەو کەسانە نەخۆشی دەروونییان هەیە".

(شەوین مستەفا) هەمان رای ئەژینی هەیە ئەو کەسانە بەنەخۆشی دەروونی دەزانێت، ئەوەش دەخاتە روو ئەوەی بیەوێت شوێنی خۆی بکاتەوە پێویستە کاری باشتر بکات "نەك بە قسە هەڵبەستن"، ئەو بەلایەوە ئاساییە ئەگەر کەسێك پێویستی بە هاوکاری ئەو هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت شوێنی خۆی بکاتەوە لە کارەکەی ئامادەیە کە هاوکاری بکات، بەڵام "بە ناوناتۆرە بۆ خۆ بردنە پێش ئەوە نابێتە ئازایەتی، هەروەها گوتیشی:

بەداخەوە ئەو رەفتارە ئێستا لە نێو ئافرەتان زۆر بووە بەتایبەت لە شوێنی کارکردندا هۆکارەکەی غیرەکردن و لەکەدارکردنی ئافرەتی زیرەك و لێهاتووە بەو ئامانجەی خۆیان شوێن بگرنەوە، لەم بارەیەوە(شوان رەشید) توێژەرێکی کۆمەڵایەتی دەڵێت:

دەکرێ ئەم دیاردەیە وەك یەکێك لە دەردە دەرونییەکان ناوی بەرین، بەو پێیەی کار و کاردانەوەیەکی دەروونی مرۆڤە بەرامبەر دونیای دەردە و کەسانی تر بە دیوە نێگەتیڤەکەی.

ئەوە تەنیا پەیوەندیشی نییە بە ئافرەتانەوە، بەڵکو هەموو ئەو کەسانە پەیڕەوی لێدەکەن کە بەشێوەیەك لە شێوەکانی لاوازی و نەبوونی توانای خۆ سەلماندنیان لە کەسایەتیدا هەیە.

بەڵام ئەگەر ژمارەیەکی زیاتری ئافرەتان پەیڕەوی لێ دەکەن، ئەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئافرەتان لە پرۆسەی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا لەگەڵ نێرەکان جیاوازیان پێدەکرێت بە جۆرێك کەسایەتییەکی لاواز و ناجێگریان بۆ دروست دەبێت.

بەو مانایەی یەکێك ناتوانێت لەسەر خاڵە بەهێزەکانی ناو کەسایەتی خۆی رووبەڕووی یەکێکی تر ببێتەوە ناچار پەنا دەبات بە دەرخستنی خاڵە لاوازەکانی ناو کەسایەتی کەسی بەرامبەر.

بە مانایەکی تر یەکێك کە توانای دەرخستنی وجوانییەکانی ئەبێت بەو هۆیەی ئەو جوانیانەی لە بنەڕەتدا نییە ناچار دەبێت پەنابباتە بەر ناشرینکردنی ئەوی تر بۆ کەم کردنەوەی ناشیرینەکانی خۆی هەندێ جار ئامانجی ئەم شکاندن و ناشیرین کردنە بەرژەوەندییەکی ماددی یان مەعنەوییە بۆ کەسی شکێنەر، کە رەنگە وەرگرتنی پۆستەکە ئیداری یان ئابوورییەکەی بێت یان خۆ بردنە پێش بێت لە ناوەندێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی و .... هتد.

مەترسی گەورەی ئەم رەفتارەش لەوێ دەردەکەوێت کە وێنای لاوازی و ناشیرینەکانی ئەویتر بکەیت و پێناسەیەکی نێگەتیڤ بدەیتە کەسایەتی بەرامبەر بێ ئەوەی ئەم ناشیرینە خاڵە لاوازانە بوونیان هەبێت.

هەر لە بنەڕەتیش پەنابردن بۆ ئەم شێوە کارکردن و هەڵوێستە خالێکی هەرە لاوازی نێو کەسایەتی ئەوانەیە کە پەیڕەوی لە شکاندنی ئەویتردا دەکەن بەو مانایەی چەند تۆ بتەوێت لەسەر ناشیرینی ئەوی تر خۆت بە جوان نمایش بکەیت، هێندەش ناشیرینی تۆ بەم جۆرە رەفتارەت بە دیوێکی تر نمایش دەکرێت.

●●●
**دواخستنی ئەو پرۆسەیە خراپی زۆری هەیە لەوانە لادانی گەنجان و زیادبوونی رێژەی قەیرەیی**
●●●

●●●
**ئەو ئافرەتانەی بەو جۆرە باس لە هاوڕەگەزەکانی خۆیان دەکەن پێویستە بزانن رۆژێک دادێ ئەوانیش بە خراپی باس دەکرێن**
●●●

●●●
**بەداخەوە خێزانی ئێمە وا دەزانێ ژن بۆ خۆی دێنێت نەک کورەکەی، بۆیە ئەو دەستێوەردانەش بەرچاو دیارە**
●●●

●●●
**توێژەرێکی کۆمەڵایەتی: ئەو رەفتارە دەردێکی دەروونییە، کاردانەوەی مرۆڤە بەرامبەر کەسانی دەوروبەری بەڵام بە دیدە نێگەتیڤەکەی**
●●●



# ل دهوكێ
# حالەتێن بەردانێ ب

بەردان ئانكـــو (الطلاق) ئێك ژ كێشێن گەلەك ئالوزە ئەڤرۆ داڤا خـــۆ ل جیهانێ ئالاندی، و رۆژانە چەندین ژن و زەلام دكەڤنە ڤێ داڤێ و ژیانـــێ وان تاری دبیت. هـــەر رۆژێ ئەگـــەر چنە بیـــت حالەتەكێ بەردانێ ل دادگەهان دهێتە تۆماركرن، وچەندین چیرۆكێن ســـەیر دهێنە تۆماركرن.

ل ســـالا ٢٠٠٦ێ ٢٢٨ حالەتێن بەردانێ ل دهۆكێ هاتینـــە ئەنجامـــدان، ٥٠ حالەتێـــن ژ وان ب رێـــكا بەردانـــێ هاتینە ئەنجامدان و ١٣٨ حالەتـــا ژن و زەلام ژێكڤەبووینە (تفریق) و ٤٠ حالەت ژێ هەر ل دهۆكێ هاتینە ئەنجامدان وەكو (تصدیق طلاق خارجي).

ل سالا ٢٠٠٧ێ رێژا بەردانێ وژێكڤەبوونێ ل كێمیێ دا و حالەتێن بەردانێ گەهشـــتنە (١٧٢) حالەتان، ٣٠ ژ وان ب رێكا بەردانێ و ١١٨ ب رێكا ژێكڤەبوونێ و ٢٤ حالەت ب رێكا (تصدیق طلاق خارجي).

ل ســـالا (٢٠٠٥)ێ هەتـــا ســـالا (٢٠٠٨)ێ تنێ دو حالەتێن بەردانێ دناڤ مەســـیحی و ئێزدیان دا پەیدابوینە و دسالا ٢٠٠٧ێ دا ١٨٠ حالەتێن ژنئینانێ دناڤ فایلێن مەسیحی دا هاتینە تۆماركرن و ٧ حالەتێن ژنئینانێ دناڤ ئێزدیـــان دا هاتینە تۆماركرن، هەروەســـا نێزیكی (٣٠٤٠) حالەتێن ژنئینانێ دناڤ بوســـلمانان دا ل دهۆكێ هاتینە تۆماركرن.

ژ ئەگەرەكـــێ تایبەت ب ژنەكا ٢٩ ســـالیڤە، هێمنێ خۆ ژ زەلامێ خۆ دا بەردان، هێمنێ هۆســـا دیاركر كو زەلامێ وێ مرۆڤەكێ خراب بوو و هەر شەڤ هەتا ٢ێ شـــەڤێ ل دەرڤە دما و كارێن پوێچ دكرن لەوما ئەو نەچار بوو داخوازا بەردانێ بكەت.

چنـــار گەلەك یا عاجزبوویە، چونكو زەلامێ وێ ژنەكا دی ب سەر ئینابوو، ئەوێ گەلەك بزاڤكرن خۆ بدەتە بەردان لێ زەلامێ وێ نەهێلا، چنارێ هوسا دیاركر كو ئەڤە ١٧ سالە شـــویكری لێ چ زارۆك نەبوون، لەوما زەلامێ وێ نەچار بوو ژنەكا دی بینیت. دیسان چنارێ گۆت: پشتی دو ســـالا ژ ئینانا ژنەكا دی، گەلەك ئەز دهاتمە ئێشاندن، لێ ئەو ژنەكا گەلەك خراب بوو و هەردەم دگەل زەلامەكێ دەردكەڤـــت، لەوما گەلەك نەڤەكێشـــا و ئەو هاتە بەردان و جـــارەكا دی زەلامێ من پێدڤی من بوو. وباش بوو من خۆ نەدابوو بـــەردان ئەگەر دا نوكە ئەز و زەلامێ هەردوو ژێك دوور كەڤین.

پارێزەر عەزیز هۆســـا دیاردكەت كو وی دماوێ سالەكێ دا ١٧ حالەتێـــن بەردانێ ب رێڤـــە برینە وگۆت: پتریا ڤان حالەتێـــن من ب رێڤە برین ژنا داخواز ژ زەلامێن خۆ كربوو كو وان بەردەن وپتریا وان ژێ زەلام د نەحەق بوون. هەروەسا عەزیـــزی گۆت: گەلەك كێشـــێن بەردانێ بووینە چارە بۆ خۆشـــیا ژیانا وان د هەمـــان دەم دا گەلەك ژوان ل دەمێ ژێكڤەدبوون پێكڤە كرینە گری و من دزانی گەلەك ژ ڤان بەردانا خەسی یان دایك ئەگەربوون، و كێشەك ژ وان ئەز پێ پشت راستبووم نە كێشە بوو بەلكو هەردوو لا گەلەك دگەل هەڤ درازی بوون و زێدە حەژ ئێك و دوو دكر لێ خەســـیا وێ كچێ بۆ ئەگەر كـــو ژێكڤە ببن، چونكو وێ حەژێ نەدكر و هوسا بزاڤكر ژێكڤە ببەن.

د دوماهیـــك ئاخڤتنێن خۆ دا پارێزەری گۆت: ئەگەرێ سەرەكی بۆ بەردانێ نە تێگەهشتنە دناڤبەرا هەردوو لایان دا

**پارێزەرێك:**
**پتریا ڤان حالەتێن من ب رێڤە برین ژنا داخواز ژ زەلامێن خۆ كربوو كو وان بەردەن وپتریا وان ژێ زەلام د نەحەق بوون**

**ل سالا ٢٠٠٧ێ رێژا بەردانێ وژێكڤەبوونێ ل كێمیێ دا و حالەتێن بەردانێ گەهشتنە (١٧٢) حالەتان**

ئا: ئەمیر ئەتروشی / دهۆك



# ـــەرەڤ زێدەبوونێ دچن

وباشـــترە بەری دو کەس بچنە دڤێ پرۆسێ دا ئێك دو باش بنیاســـن و ئەگەر ب ئەڤینی بگەهنە ئێك باشترە. هەروەسا عەزیزی ئەو ژی گۆت کو هندەك ژوان کێشێن بەردانێ ب ئەڤینی ژی گەهشتبوونە ئێك لێ ژێکڤەبوون.

ژنەکـــێ ب چاڤێن پڕی روندك ڤـــە دا دیارکرن کو ئەو نە عاجـــزی زەلامێ خۆ یە کو ئەو بـــەردای بەلکو دلێ وێ بـــدووڤ زارۆکێن وێ دایە، و گـــۆت: خوزیکا تنێ زارۆکەك دابا من داکـــو پیچەك بێهنا من هاتبایە چونکو دڤێ سەروبەری دا ئەز دێ تووشی ئێشەکا دەروونی بم وئەز نەشێم ژیانا خۆ ببمە ســـەر. هەروەسا ڤێ ژنێ ئەو چەندە ژی دوپاتکـــر کو ئەو ژنەکا گەلەك پاقژە لێ زەلامێ وێ یێ دل خەلەت بوو و رابوو ئەو بەردا.

زەلامەکێ ٣٤ ســـالی ب ئەگەرا نەبوونـــا گونجاندنێ دناڤبـــەرا واندا ژنا خۆ بەردا وهۆســـا دیارکر کو بەری ٨ ســـالان وی ژن ئینابوو لێ نەیا ب دلێ وی بەلکو خێزانا وی ب زۆری بۆ وی ئینابوو و گەلەك بزاڤکرن بشـــێت خۆ دگـــەل ب گونجینیت لێ نەشـــیا، چونکو هزرا وان نەئێك بوون بەلکو ئەو مامۆستا بوو وژنا وی نەیا خوێندەوار بوو، وئەڤ چەندە بوو ئەگەر کو ژنا خۆ بەردەت.

زەلامەکێ دی ژ ئەگەرێ کرێتیا ژنا خۆ، بەردا، وهۆسا گۆت کو ژنا وی گەلەك یا کرێت بوویە لەوما نەشیا دگەل بژیـــت و نەچاربوو ژنا خۆ بەردەت وب دووڤ کچەکا جوان ب کەڤیت. ڤێ زەلامی گۆت: ئەگەرەکێ دی ژی هەبـــوو کو من هەڤژینا خۆ بەردای ئەو ژی هندەك جارا بێی من ژمال دەردکەڤت من گەلەك جارا هۆشداری دانێ لێ گوهێ خۆ نەدامن.

مـــەلا یوســـفی هوســـا دیارکـــر کو ئەگـــەر ژنێ بەردەت باشترە ژ کوشتنێ د ئیسلامێ دا، وهۆسا دیارکر کو پرۆســـێن عەشـــائیری گەلەك کارتێکرنێ ل ســـەر بەردانێ دکەن و هۆسا دیارکر کو گەلەك کەس مایێ خۆ دژیانا وان دکەن هەتا دبیتە ئەگەرێ بەردانێ. دیســـان مەلا یوســـفی گـــۆت: رۆژ بۆ رۆژێ و دگـــەل زێدەبوونا مرۆڤان ئاریشـــە پتر لێ دهێن و ئەڤ ریژێن بەردانێ ژی زێـــدە دبن، وئەڤ چەندە ژی چ شـــەریعەت قەبیل ناکەن وئەگەر ئەم مەلا ب ڤان ئاریشـــا ب حەسین رەنگە نەهێلین بگەهنە دەمێ خۆ بەردانێ و رێیەکێ بۆ وان ببینین.

کۆمەلناس عەبدولجەبار عەبدولرەحمانی گوت: پرۆســـا بەردانێ ســـال بۆ سالێ یا بەرەڤ زێدەهیێ دچیت، لێ مە وەکو کۆمەلا کۆمەلناسان پرۆژەك ل بەرە ئەو ژی پەیوەندیەك یـــا دناڤبەرا مە و دادگەهێ دا چێبووی کو بەری حالەتێن بەردانێ چێ ببن دادگەها دهۆکێ وان حالەتا ئاراستەی مە دکەت وئەم ژی ب رێـــکا خۆ بزاڤێ دکەین نەهێلین ئەڤ بەردانە سەربگریت وئەڤە ژی پێنگاڤەکا پیرۆز و پێشکەفتی یە وئەز بخۆ دگەل هندەك ژ ڤان حالەتان ئاخڤتیمە.

ئەگەرێ وێ چەندێ کا بۆچی حالەتێن بەردانێ بەرەڤ زێدەهیێ دچن عەبدولجەباری گـــۆت: هەڤژینیا وان نەیا دروستە، دناڤ جڤاکێ مەدا هەلبژارتن نەیا دروستە گەلەك جارا نە ب حەزا کچ و کوڕان شـــوی ب هەڤ دکەن، پتریا جاران بۆچوونا سەرەکی یا خێزانێ یە. حالەتێن گەلەك دبنە ئەگەرێ بەردانێ ئەوە کو خێزانێن مە د مەزنن و مایتێکرنەك دناڤبەرا واند پەیدا دبیت نەخاسم دناڤبەرا خەسیێ و بویکێ دا وئەڤ مایتێکرنە ژیانا هەردوویان تاری دکەت.

●●●
**مامۆستایەکی ئاینی**
**پرۆسێن عەشائیری گەلەک کارتێکرنێ ل سەر بەردانێ دکەن و هۆسا دیارکر کو گەلەک کەس مایێ خۆ دژیانا وان دکەن**
●●●

●●●
**کۆمەڵناسێک**
**حالەتێن گەلەک دبنە ئەگەرێ بەردانێ ئەوە کو خێزانێن مە د مەزنن و مایتێکرنەک دناڤبەرا واند پەیدا دبیت نەخاسم دناڤبەرا خەسیێ و بویکێ دا وئەڤ مایتێکرنە ژیانا هەردوویان تاری دکەت**
●●●

# ئایا هاوپیشەیی هۆکارە بۆ سەرکەوتنی ژیانی هاوسەریی؟

ئا: ناسك سەعید-سلێمانی

بۆ زیاتر قسەکردن لەسەر ئەم تەوەرە بەڕێز (ئاکار ئەحمەد) قوتابی کۆلێژی بەشی یاسا، لەم لایەنەوە ئەوە دەخاتە روو کە: سروشتی مرۆڤ بەچەشنێکە هەموو ئەو سروشتانەی وەك یەکن یاخود نزیکن لەیەکتر زیاتر دەتوانن لەگەڵ یەکتردا بگونجێن وەك ئەوەی کە جیاوازبن، بەهەمان شێوە لەپرۆسەی هاوسەرگیریدا ئەم خاڵە زۆرباش بەرچاو دەکەوێت دەبینین ئیفلیج بوونی زۆرێك لەو خێزانانە دەرەنجامی بۆ ئەم هۆکارە دەگەڕێتەوە، ناکرێت پیاوەکان لەئاستێکی خوێندنی بەرز یان پەروەردەی خێزانێکی ئاست بەرزبن و بەپێچەوانەوە ژنەکانیش نەخوێندەوار و پەروەردەی خێزانێك بن کەلەزۆر رووەوە لەگەڵ خێزانی پیاوەکەدا یەکنەگرنەوە، راستە حاڵەتی شازیش بەرچاو دەکەوێت، بەڵام ئەم جۆرە پرۆسانە لەنگییەکی هەر تیایە، لەکاتی ژیانی رۆژانەدا ئەو گرفتانەیان رووبەرووی دەبێتەوە. بەتایبەت ئەگەر ئاستی پیاو بەرزتر بێت ئەم کێشەیە قوڵتر دەبێت، چونکە سنووری بیرکردنەوەی ئافرەت تەسکترەو کەمتر بیر لەودیوی شتەکان دەکاتەوە تەنها ئەوانە دەبینێت کەبەرچاوی دەکەوێت، لەبەرامبەر ئەمەدا رەگەزی نێر لەزۆرکاتدا حاڵەتەکان بەئاسایی وەردەگرێت.

خاتوو (دەشنێ محمود) چالاك لەبواری کاری رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیدا بۆچونی خۆی بەم شێوەیە خستەروو: بێگومان ئەم بینینە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر دەگۆڕێت، لەکۆمەڵگەی کوردیدا کێشەی خێزان زۆرە، یەکێك لەوانە دووری کاری ئافرەت و پیاوەکەیە، نازانم چۆن ئەم دوو تاکە یەکتر هەڵدەبژێرن و یەکتر پەسەند دەکەن لەکاتێکدا لەزۆر خاڵدا لەگەڵ یەکتر ناکۆکن تەنها یەك خاڵ کۆیان دەکاتەوە و لەو چرکە ساتەشدا گرنگی نادەن بە خاڵەکانی تر دواتر لەدوای پرۆسەکە هەست بەو خاڵە لاوازانەی بیرکردنەوەی خۆیان دەکەن کە پێشتر لەفەرهەنگی بیرکردنەوەیاندا نەبووە، ئەستەمە گونجانی دوو کەس بەتایبەت لەئایدیۆلۆژیادا جیاوازبن، ئەگەر ئافرەتەکە خاوەن کارێك بێت کە پێویستی بە ئازادیەکی رەها هەبێت و بەپێچەوانەشەوە پیاوەکەش خاوەن کارێکی ئاسایی بێت و مەودای بیرکردنەوەو جۆری بیرکردنەوەی بەدەر بێت لەهەموو کارەکانی خێزانەکەی چۆن رێگەی ئەدات ئەو ئازادیە بۆ خێزانەکەی دەستەبەر بکات، ئەمانە هەموو کێشەن. لەم کۆمەڵگەیەدا گرفتێك هەیە ئەویش تەنهائەنجامدانی پرۆسەیەکە، بەو مانایەی کە کۆمەڵێك خاڵی لاوەکی هەیە لەو کاتەدا سەرنجی کچ یان کوڕەکەی پێ رادەکێشرێت و لایەنەکانی تر هیچ حسابێکی بۆ ناکرێت، لەوانە ئایا ئەو دوو تاکە تاچەند لەکارەکانی یەکتر نزیکن یاخود چ تێگەیشتنێکیان هەیە بۆ کاری یەکتر؟ یان تا چەند هاوپیشەن کە ئەمەیان زیاتر پرۆسەکە سەرکەوتووتر دەکات، چونکە نزیکی لەکاردا ئەو دوو تاکە هەمیشە هاوکاری و پاڵپشتی یەکتر دەکەن، کارئاسانی لەئەنجامی کاری یەکتردا دەکەن، ئەگەر نا هەرگیز هیچ کامیان گیانی یارمەتیدانی تێدا نابێت بۆئەوی تر لەبەرئەوەی زانیاری لەسەر کارەکەی نیە.

بەڕێز (فەرهاد نوری ) تەمەن (٣٥)ساڵ، پیشەی فەرمانبەرە، دەڵێت: ئەگەر سەیری پێکهاتەی خێزان بکەین دەبینین لەناو خێزاندا کەوتۆتە سەر لێهاتوویی و توانای ئەندامانی خێزان، هەمووشیان لەکەسی یەکەمی خێزانەوە،هاوکاریان وەرگرتووە، مەرج نیە تەواوی ئەندامانی یەك خێزان هاوپیشە بن بەڵام لانی کەم نزیکن لەیەکتر بەدەگمەن رێدەکەوێت یەکێك یان دوو کارێی جیاتر بکات، ئەم خێزانانە زۆرتر لەیەك دەگەن و یارمەتیدەری یەکتریشن، بەتایبەت لەنێوان ژن و پیاودا ئەمە بەدی دەکرێت.

من گەورەترین کێشەم لەگەڵ خێزانەکەم لەسەرە ئەم مەسەلەیە، لەبەرئەوەی خێزانەکەم ژنیماڵەوەیە و خوێندەواریەکی ئەوتۆشی نیە، بەردەوام لەرێگەی تەلەفۆنەوە پەیوەندیم پێوەدەکات و هەواڵم دەپرسێت کەلەچ شوێنێکم و بەچیەوە سەرقاڵم لەکاتێکدا دەشزانێت کە کارم چیە، گومانێکی بێ رادەی هەیە لەمن، لەکاتی گەڕانەوەشمدا پرسیاری تەواوی ئەو کاتانەم لێدەکات کە لەدەرەوە بووم، بەوردی گوێبیستی قسەکانم دەبێت، پێموایە ئەگەر ئەویش فەرمانبەر بوایە یان هەرکارێکی تری هەبوایە ئەو کێشەیەمان نەدەبوو، لەزۆر حاڵەتدا بڕوا بە قسەکانیشم ناکات بەڵکو لەپشت خۆمەوە بەردەوام دەگەڕێت بەدوای رەفتارمدا، ئەمەش دوو دڵیەکی خراپی لەلادروست کردووە و منیش وام لێهاتووە هەموو کارێك بەوریاییەوە بکەم بۆئەوی بچوکترین کێشەمان بۆ دروست نەبێت، خۆم پێش بینی دەکەم هەرکاتێك لەسەر ئەو مەسەلەیە کێشەمان بێتەپێش بێگومانم لەوەی کە ناتوانم چارەسەری بکەم، چونکە خێزانەکەم هەموو رەفتارو کردارێکی منی چاودێری کردووە پێدەچێت ئێستا چەندین شتی لەلای خۆی کۆکردبێتەوە و لەو کاتەی گرفتێك یان دەمەبۆڵەیەکمان بۆ دروست بێت هەموویانم رووبەروو دەکاتەوە، لەو کاتەشدا ناتوانم وەك پێویست هەموو ئەوانەی تێبگەیەنم.

بەڕێز(محەمەد قەرەداخی) ی نووسەریش بەم جۆرە باس لە هاوپیشەیی هاوسەرەکان دەکات:

ئەو تەوەرەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن ریتمێکی تایبەت بەخۆی هەیە چونکە هاوپیشەیی بۆخۆی

بەپێی ئەو تایبەتمەندیانەی خۆی کە هەیەتی لەبوارێکدا وا دەکات کۆمەڵێ پەیوەست بوون و بەهای هاوپیشەی وا بکات نەك لەچوارچێوەی خێزانێکدا، بەڵکو لە دامەزراوەیەك یان موحیتێك لەوەش گەورەتر زۆرجار لەسەر ئاستی ئیقلیمیش هەموو راوبۆچوونەکان کۆبکاتەوە کە ئەمە بۆ خۆی بناغەی رێزو تەباییە. ئەم رێزو تەباییەش لەگەڵ هەندێ شتی ترو تایبەتی دەبێتە مایەی بەختەوەری ئەو تاکانەی کەلەوچوارچێوە یان بوارەدا پیشە کۆیان دەکاتەوە، لەبەرئەوە متمانە هەیە، متمانەش وا دەکات مرۆڤ لەرووی دەروونیەوە هەست بە ئاسودەیی بکات بۆ بەرامبەر و هاوپیشەکەی کە زۆرجار خزمەت و داهێنانی تیا دەکات، یان بەپێچەوانەوە بۆ نمونە بواری رۆژنامەگەری لەهەردوو حاڵەتەکەدا.

***لەسەرەتای پرۆسەی هاوسەرگیریدا، هەندێك چەمك وەك مەرج لەنێوان هەردوو رەگەزدا باس دەکرێن، هەندێکیش ناتوانین بڵێین مەرجی سەرەکین یاخود بوونیان فاکتەرەی سەرەکییە بۆ پێکهێنانی ئەم پرۆسەیە، لەو میانەدا هاوپیشەیی یاخود هاوکاری یەکێکە لەهۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەم پرسەیە. لەنێوان ئافرەت و پیاودا هەموو چەمکەکان جوان دەبیندرێن ئەگەر هاتوو خوێندنەوەی جوانی بۆ بکرێت. بنیادنان یان رووخانی خێزانەکان پابەندە بەچۆنییەتی بیرکردنەوەی ژن وپیاو بۆ کاری یەکتر، زۆرێك لە کۆمەڵناسەکان بڕوایان وایە کە هاوپیشەش ئەگەر هاتوو لەچوارچێوەی هاوکاریدا سەیر نەکرێت گرفت زیاتر دروست دەکات تا ئەوەی بەختەوەری بەرهەم بهێنێت. هەموو دیدگاکان لەخێزانێکەوە بۆ یەکێکی تر و لەنێوان هاوسەرەکانیشدا بەهەمان شێوە دەگۆڕێت.***

بۆ دەستکەوتێکی ڕۆژنامەگەری لەهەرشوێنێکی دنیا بێت ئەو هەستە دروست دەبێت. لەهەرکارێکی ڕێکخراوەیی یان جەماوەری ئەو خەسڵەتە هەیە بەڵام کە دێینە سەر کۆمەڵگە و دواتر لەچوارچێوەی خێزانێکدا و لەکۆمەڵگەی کوردیدا ئەوە نابینم، چونکە بیرکردنەوەکانمان دروست نیە. لەوانەیە من لەپیشەکەی خۆمدا ئەگەر خێزانەکەم هەمان پیشەی هەبێت و لەدوو دەزگای دوور لەیەکیشدا کاربکەین، هەریەکێك لەئێمە خۆشەویستی بۆ پیشەکەی و هاوکارەکەی وابکات زیاتر پەیوەست بین بە هاوکارەکەمانەوە لەرەگەزی بەرامبەر.

ئەم پەیوەست بوونەش ئاکامی باشی دەبێت یان کاریگەری خراپی هەبێت لەسەر ژیانی خێزانیمان،چونکە بنەمای دامەزراندنی خێزان لەکۆمەڵگەی ئێمە تاهەنوکەش زیاتر لەسەر بنەمای دروست دانەمەزراوە و کۆمەڵگەش بەگشتی کەپتی جنسی لەسەرە و پەیوەندی نێوان نێر و مێ لەسەر بنەمای ئینسانی بوون دروست نەبووە.

خاتوو(بانو رەحیم)ی تویژەری کۆمەڵایەتی، سەبارەت بەم تەوەرە بەم شێوەیە دوا:

جیاوازی کارکردن لەهەر پێگەیەکدا بێت خوێندنەوەی جیای بۆ دەکرێت،بەتایبەت لەناو خێزاندا بابەتەکە قوڵتر دەبێتەوە، نەگونجان یان دوورەپەرێزی ژن و پیاو لەم کۆمەڵگەیەی ئێمەدا بنیادەکەی لەم کێشە لاوەکیانەوە بەرجەستەدەبێت، ئافرەت بەردەوام بەدوای خاڵی لاوازی هاوسەرەکەیدا دەگەڕێت ئەگەر هاتوو لەکارەکەیدا دۆزیەوە زیاتر دەیکاتە خاڵێکی لاوازی پیاوەکەی، بەتایبەت ئەگەر هاتوو ژن کارێکی ئەو تۆی نەبوو واتە ژنیماڵەوە بوو ئەم خوێندنەوە هەڵانە زیاتر دەبێت. لەئێستادا ژن و پیاو گومانیان زۆر لەیەکتر هەیە ئەگەر هاتوو هاوپیشەش نەبوون یان کارەکانیان لەیەك پۆڵبەندی کاردا نەبوو ئەم گرفتە ئەستەمتر دەبێت.

بۆ چارەسەری ئەم حاڵاتانە دەبێت هەردووکیان کاری یەکتر بەپیرۆز سەیر بکەن و لەکاتی هاوکاریکردندا دەستگیرۆیی یەکتر بکەن و بەپێی توانا یارمەتی یەکتر بدەن، سەرکەوتنی هەر یەکێکیان ڕەمزە بۆ سەرکەوتنی ئەوی تر و دواتریش بۆ خێزانەکەیان، زۆرجار بیستومانە کە هونەرمەندێك کاراکتەری سەرەکی بۆ سەرکەوتن و دەرکەوتنی لەکارەکەیدا خێزانەکەی هاوکاری کردووە و قوربانی تەواوی داوە لەکاتێکدا خێزانەکەی هونەرمەند نەبووە بەڵام هونەردۆست بووە، دەکرێت ئەم جۆرە نمونانە سودیان لێوەربگیرێت بۆ بوارەکانی تریش، ئافرەت زیاتر ئەم ڕۆڵەی لەسەر شانەوە و دەبێت ئەو پشتگیری هاوسەرەکەی بکات لەکارەکانیدا، سروشتی پیاو بەو چەشنەیە بە پشتگیریکردنی خێزانەکەی زیاتر هەست بە ئاسودەیی و دڵنیایی دەکات، بەپێچەوانەوە پشتگوێ خستن دەبێتە فاکتەرێك بۆ ڕووخانی ئەو پیاوە، بەڵام ئافرەت لەم کۆمەڵگەیەدا کەمتر هانی دەدرێت بۆ کارو دەست خۆشی لێدەکرێت بەهەرشێوەیەك بێت بەردەوام دەبێت لەسەر کارەکەی و خۆشی بەسەرکەوتوو دەزانێت.

گرفتەکانی ناو خێزان هەموویان پێویستیان بە دەرخستن و لەهەمانکاتدا چارەسەرکردنیش هەیە، کەسی یەکەم بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەیەك بێگومان خۆمانین کە دەتوانین سەرجەم گرفتەکان لەناوبەرین و درێژەیان پێنەدەین، ڕێزگرتن و خۆشەویستی بۆ کاری یەکتر لەناو خێزاندا هاندەرێکی باشە بۆ سەرکەوتن و بەختەوەربوونی خێزان. هەریەکەمان بەپرسین لەرەفتار و راوبۆچونی خۆمان لەهەر پێگەیەکی کۆمەڵایەتیدا بین، لەبەرئەوە دەبێت ئەوەش بزانین کە خێزان گەورەترین یەکەی کۆمەڵایەتییەو لەوێوە یەکەکانی تری کۆمەڵگە دروست دەبن، هەر خواریەك لەناو خێزاندا هەبێت کاردانەوەی نێگەتیڤیشی لەسەر یەکەکانی تری کۆمەڵگە دەبێت.



**ئەگەر ژن و پیاو هاوپیشەبن هەمیشە هاوکاری و پاڵپشتی یەکتر دەکەن ڕێگەیان ئاسانتر دەبێ بۆ گەیشتن بەسەرکەوتن**

**ئیفلیج بوونی زۆرێک لەخێزانەکان هۆکارەکەی بۆ ئەم خاڵە دەگەڕێتەوە بەڵام تائێستا لەکۆمەڵگەی ئێمە بایەخی پێنادرێت**